**شەشەم :-** ڕێگا نادرێت بە هیچ لایەنێك بە بەکارهێنانی قەدەغەکراوەکان وە ڕەزامەندی دان لە سەر بەکارهینانی قەدەغەکراوەکان بۆ مەبەستێکی دیار کراو وە هەروەها ڕێکخستن و پێدانی مۆڵەت بۆ دانانی هۆکارەکانی ڕێکلام کردن و ڕاگەیاندن و مۆرکردنی گرێبەست لە گەڵ کۆمپانیا پسپۆرەکان بۆ ئەو مەبەستە لە چوارچیوەی ناوەرۆکی هاتوو لە سەرجەم برگە و ماددەکانی ئەم یاسایە لە تایبەتمەندێتی و دەسەڵاتی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجی کردن دەبێت .

**حەوتەم :-** قەدەغەکراوەکانی تونێلەکان تەنها چینی سەرەوەی تۆنێلەکان دەگرێتەوە. وە ئەمەش بە گوێرەی ( ئەستووری چینەکەوە ) دەبێت و لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێ کردن بەپێی حالەتی تۆنێلەکە بڕیاری لەسەر دەدەرێت . هەروەها ئەوەی کە تایبەتە بە تەنیشتەکانی هەردوولا واتە ( ڕاست و چەپ )ی تونێلەکە بە گوێرەی ڕێنمایی ڕێگا گشتیەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**هەشتەم :-** قەدەغەکراوەکانی پردەکان لە هەردوو لایەوە بە دووری (١٥٠٠) مەتر دیاری دەکرێت بە درێژایی ڕووبار کە ناکرێت هیچ کارێکی تێدا ئەنجام بدرێت کە ببێتە هۆی تێك چونی ڕێڕەوی ڕووبارەکە هەروەها بۆ دیاری کردنی دووری کانەکان (مقلع) لە ڕێگا گشتی و پرد و تونێلەکان دەبێت ڕەچاوی یاسای (قانون تنظيم الاستثمار المعدني ) ژمارە (٩١) ساڵی ١٩٩٨ بکرێت .

**نۆیەم :-** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) کاری پێدەکرێت و دەکەوێتە بواری جێ بە جێکردن .

**دەرباز عبداللە رەسول**
**وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦**

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) ماددەی حەوتەم برگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و ئاماژە بەنووسراوی وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەریەتی گشتی دیوان ژمارە (١٤١٧١) لە ٢٠١٥/٧/٥بڕیارماندا بە :-

- هێنانەکایەی (أستحداث)ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە سەر بەمیلاکی وەزەراتمان بەمەبەستی زیاتر چەسپاندنی پارێزگاکە
- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/١٥جێبەجێ دەکرێت.

**محمد قادر محمد**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**